# جۆرج بووش دان بە شکست دەنێ



سەرەنجام جۆرج دەبلیو بووش، سەرکۆماری ئەمریکا لە دوایین دیمانەی تەلەفزیۆنیدا دانی بەوەدانا کە دەزگەی هەواڵگری ئەمریکا لە ئەگەری هەبوونی چەکی کۆکوژ لە عێراق کورتی هێناوەو عێراق ئەو چەکەی نەبووە، ئەگەر بزانرایە نیەتی، شەری لە دژدا نەدەکرد.

هەرچەندە بە درێژایی ٥ ساڵی رابردوو هەمیشە جۆرج بووش جەختی لەسەر سەرکەوتن کردۆتەوەو تەنیا جارێکیش باسی لە شکست و دۆڕان نەکردبوو، بەڵام ئێستا کە ماوەیەکی کورتی ماوەو دەبێ کۆشکی سپی جێبهێڵێ، وەک دەڵێن هەگبەی دڵی دەکاتەوەو دان بە شکستی دەزگەی هەواڵگری دادەنێ.

داننان بە شکستی دەزگەی هەواڵگری، خۆی لە خۆیدا داننانە بە شکستی سەربازی، چونکە هەمو چالاکی و ئۆپەراسیۆنەکانی هێزەکانی ئەمریکا بە زانیاری و لەژێر رێنوێنی دەزگەی سیخوڕی سی ئای ئەی CIA دا ئەنجام دراون. بەوهۆیەوە دەکرێ بگوترێ کە هەوڵەکانی ئەمریکا لە ماوەی پێنج ساڵی رابردووی لە عێراق ناکام بووە، ئەمەش وایکرد باراک ئۆباما کە بانگەشەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای دەکرد، لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بێوێنە وەدەست بهێنێ و دەرگەی کۆشکی سپی بکاتەوە.

ئەگەر چاوێک بە ئەرشیفی پێنج ساڵی رابردووی رۆژنامەوانی کوردستانی و عێراقی بخشێنینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هەمیشە سەرکردەی هێزو لایەنەکان (ئەوانەی لە دەستەڵاتدان) جەختیان لەسەر سەرکەوتنی ئەمریکا کردۆتەوەو پێشیانوابوە کە ئەمریکا ناشکێ و ناشگەرێتەوە، بەڵام ئێستا کە جۆرج دەبلیو بووش بۆخۆی دان بە شکست دادەنێ، دەبێ پێوانەی دیکە لەسەر لێدوان و بۆچوونی سەرکردەکاندا بکرێ.

مخابن زۆربەی سەرکردەکانی وڵاتانی رۆژهەڵات، بەتایبەتیش سەرکردەی هێزەکانی عێراقی نەگوێ لەدیتران رادەگرن، نە پێوانەش بۆ رامانی کەسانی دیکە دەکەن، کاتێک ئاکام پێچەوانەی لێدوان و بۆچوونەکانی ئەوانیش دەسەلمێنێ، هێشتا ئامادە نابن کە بەخۆیان دابچنەوەو هەنگاوی دیکە هەڵبگرنەوە.

رۆبەرت گەیتس، وەزیری بەرگری ئەمریکا وەک بەرپرسی ئێستای سەرکەوتن و شکستی سەربازی ئەمریکا لە عێراق هاودەنگی لەگەڵ باراک ئۆبامادا دەکات، بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، خشتەی زەمەنی بە راست دەزانێ و پشتیوانی لێدەکات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پەسند کردنی ئەو شکستە سەربازیەیە کە ئەمریکا لە عێراق دووچاری هاتووە.

باراک ئۆباما وەک فریادرەسی ئەمریکا چاوی لێدەکرێ، بەڵام بۆ دەرچوونی عێراق لە کێشەو تەنگژەکانی، دەتوانرێ بگوترێ کە بۆچون و رامانی جۆزیف بایدنی جێگری ئۆباما تاکە فریادرەسەو نابێ کار لە سەر بەرنامەکانیدا نەکرێ.

باسکردنی شکستی ئەمریکا لە عێراق دەمانباتە سەر ئەو باوەڕەی کە دیموکراتیزەکردنی عراق لە تراویلکە دەچێ، تا بڕوات، دوورتر دەکەوێتەوە. کاتێک باس لە شکستی ئەمریکا بکرێ، دەبێ عێراقیەکان یان بیر لە ناوەندێکی بەهێز بکەنەوە، یان رێگەچارەی هەڵوەشانەوە پەسند بکەن.

ئاکام دەپرسێ: ئێمەی کوردستانی چ ئامادەکاریمان کردووەو چۆن پێشوازی لە گۆڕانکاری و پێشهاتەکاندا دەکەین؟!

**هاشم عەبدوڵڵا**

# تورکیا بەرەو هەڵبژاردن دەڕوات



تورکیا خۆی بۆ هەڵبژاردنی شارەوانیەکان ئامادە دەکات، بڕیاروایە لە مانگی ئازاری ساڵی داهاتوودا هەڵبژاردنی شارەوانیەکان بەڕێووەبچێ، ئەمەش دەرفەتێکی دیکەی لەبەردەم کوردانی باکوردا کردۆتەوە تا هێزو شیانی خۆیان پێشانی دەوڵەت و دەستەڵاتدارانی ئەنکارا بدەن.

هێزەکانی باکور، لە پێش هەموویاندا پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک DTP خۆی بۆ هەڵبژاردنەکان سازو ئامادە دەکات. بەوهۆیەشەوە دەستی خۆی پێش ئەوانی دیکە خست و زووتر دەستی بە هەڵمەت و کێبەرکێ کرد.

DTP لە چوارچێوەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا پرۆسەیەکی نوێی گرتۆتەبەر، بە کاروانی رازاوە سەردانی شارەکان دەکات و بە شایی و هەڵپەڕکێش پێشوازیان لێدەکات. مەبەستیش بردنەوەو سەرراست کردنەوەی ئەو متمانەیەیە کە ساڵی رابردوو لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا مسۆگەری کردبوو.

کۆمیسیۆنی هەڵمەتی هەڵبژاردن سەردانی شارەکانی وان، جۆلەمێرگ، ئەردیش، ئاگری، چەولیک، ئەردەخان، ئەرزەڕۆم، مالازگر، بازید، گەڤەر، بەدلیس، ئەلعەزیز، ئیخدر، تاتڤام، پاتنۆس و گەلێک شاری دیکەیان کردووە. ئەوەی پارتی دادو گەشەپێدانی سەرسام کردووە، زۆری ژمارەی پێشوازیکارانە، هەر لە ئێستاوە ترسیان لێ نیشتووە، بۆیە سەرانی AKPدەیانەوێ بە بەرنامەیەکی تۆکمە بەرسینگ لە خەباتکارانی DTP بگرن.

سەرانی دەوڵەتی ئەنکارا لە دەستپێکدا رۆژنامەی (ئازادیا وەلات)یان داخست، تەنانەت پێگەی ئینتەرنێتی ئەو رۆژنامەیەشیان سانسۆر کرد، ئێستاش دەیانەوێ بە کاندیدکردنی کوردانی لاگیری خۆیان بەرەکە لەژێر پێی هێزە کوردستانیەکان دەربهێنن.

بێگومان کێشەی گەورە لەبەردەم کوردستانیانی باکوردا هەن، تێکۆشان بۆ خوێندن بە زمانت دایک، گەشەپێدانی ئابووری ناوچە هەژارنشینەکان، ئازادی یەکجارەکی وەشان و بڵاوکردنەوەی کوردی، هەڵگرتنی قەدەغە لەسەر ناوە کوردیەکان، بەتایبەتیش ناوی گوندو شارەکان، واتە گێڕانەوەی ناوی رەسەنی ئەو شارانەی کە دوای پێکهێنانی کۆماری تورکیا ناوەکانیان گۆڕدراون.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، پارتەکەی رەجەب تەیب ئەردۆگان لە باکوری کوردستاندا شکست دەخوات، چونکە لە هەڵبژاردنی رابردوودا سۆزو بەڵێنی بەکورد دا تا زمانی کوردی ئازاد بکات، شوێنەواری مێژوویی حەسەن کێف بپارێزێ، یەکسانی لەنێوان کوردو تورکدا مسۆگەر بکات، بەڵام پاش سەرکەوتن بەڵێنەکانی خۆیان لەبیر بردەوەو رایان گەیاند کە هیچ کێشەیەک بەناوی کورد لە ئارادانیەو هەموویان لەناو یەک نیشتمان دەژین، یەک ئاڵاو یەک زمانیان هەیە، ئەمەش واتای ئەوەبوو کە ئەکەپە پشتی لە کوردان کردووەو بێ منەتی پێوەدیارە، هەربۆیە باوەڕ ناکرێ، ئەمجارەیان کوردان فریو بخۆن و دەنگیان پێبدەنەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە لە باکوری کوردستاندا سێ پارتی، KADEP بە سەرۆکایەتی شەرەفەدین ئێلچی، DTP وەک باڵی سیاسی پەکەکە ناسراوە، HAK-PAR کە بایرام بۆزیەلی سەرۆکایەتی دەکات، هەن، ئەگەر ئەم سێ پارتە هاوبەندی دروست بکەن، دەتوانن سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنن، هێزو شیانی کوردستانیان بە گەورەیی پێشانی تورکیاو جیهان بدەن، بەڵام ئەگەر لیستی هاوبەش دروست نەکەن، ژمارەیەکی کەم مسۆگەر دەکەن.

**ماردین سەلماسی**

# لە ١٤ پارێزگادا، ١٤ هەزار و ٦٠٠ پاڵێوراو بۆ ٤٤٠ کورسی کێبەرکێ دەکەن

بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ بۆ وەدەستهێنانی ٤٤٠ کورسی ئەنجومەنی چواردە پارێزگای عێراق، نزیکەی پازدە هەزار کەس خۆیان پاڵاوتوەو کێبەرکێ دەکەن.

هەرچەند تا ئێستا رۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان یەکلایی نەکراوەتەوە، بەڵام وەک چاوەڕوان دەکرێ رۆژی ٣١ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ بەڕێوەبچێ.

بێگومان مەرج نیە هەموو ئەوانەی خۆیان کاندید کردووە، رەزامەندیان لەسەر بدرێ، بەڵام دیسانیشەوە ئەمە ژمارەیەکی خەیاڵی و ئەندازە بەزێنە.

کێبەرکێکردن لەسەر وەدەستهێنانی کورسی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاو شارەوانیەکان کارێکی ئاساییە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ دەوڵەتی عێراق لەلایەن حزبێکی دیکتاتۆرو تاکڕەوە فەرمانڕەوایی کراوە، خەڵکی عێراق تامەزرۆی هەڵبژاردنن و دەیانەوێ بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە، بەتایبەتیش هێزەو سیاسیە بەدەستەڵات گەیشتووەکان بۆ مانەوەیان لە دەستەڵات هەموو شیانی خۆیان دەکار دەکەن، بەوهۆیەشەوە پرۆسەو یاری کێبەرکێکە گەرموگوڕتر خۆی دەنوێنێ. بەتایبەتیش کێبەرکێکردن لەسەر هەرسێ شارە گەورەکەی عێراق، بەغدا، بەسرە، موسڵ کە بە گەرەنتی مانەوە لە دەستەڵات پێوانەی بۆ دەکرێ، لەهەندێ لەو شارانەدا زیاتر لە ٤٠٠ قەوارەی سیاسی خۆیان ناونووس کردووەو دەیانەوێ گەمەی هەڵبژاردن ئەنجام بدەن. لەشارێکی وەکو بەغداددا ٢٤٨٢ بۆ دانیشتن لەسەر ٥٧ کورسی تاویان گرتووە.

جێگەی ئاماژەیە کە شارەکانی سنووری هەنووکەیی هەرێمی کوردستان و پارێزگای کەرکوک هەڵبژاردنیان تێدا ئەنجام نادرێ، بەڵکو دوا دەخرێ. ئەمەش لەگەڵ خواستی خەڵکی کوردستان ناگونجێ.

هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پاریزگاکانی عێراق لەگەڵ رەخنەو گلەیی کەمەنەتەوەکان رووبەڕوو بۆتەوە، چونکە پێنج لایەن بەناوی ئەوانە بەشداری دەکەن، وەک دەگوترێ تەنیا یەک کورسین پێدەدرێ، ئەمەش لەگەڵ قەوارەی هەندێکیاندا ناگونجێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان نزیکەی پازدە ملیۆن دەنگدەر بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن، کە بەسەر ٦٥٠٠ بنکەی دەنگداندا دابەش دەبن. ئەمەش ئاستەنگ و گرفتی زۆری لێدەکەویتەوە، لەوانەیە نەتوانری بە رێکوپێکی بەڕێوەبچێ.

هەرچەندە کە نێردەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بەهاوکاری کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان هەوڵ دەدەن کە ساختەکاری بەرتەسک بکەنەوە، بەڵام شیمانەی ئەوە ناکرێ کە بتوانرێت رێگە لە تەزویرو ساختەکاری بگیرێ، بەتایبەتیش کە قەوارە هاوڕکەکان دەستیان زۆر دەڕوات و دەتوانن بە ئاسانی فێڵ و ساختە لە بنکەو سەندوقەکانی دەنگدان دا بکەن.

دی میستۆرا نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێیوایە کە هەڵبژاردنەکە بەتەنیا پێوەندی بە





بواری سیاسیەوە نیە، بەڵکو تەواوی بوارەکانی ژیان و مافی مرۆڤ و کارکردن دەگرێتەوە.

هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێ کە کێشەو گرفتی نێوان هێز و پێکهاتەکانی عێڕاق بەرەو زۆربوون دەڕوات، نە ئاشتبوونەوەی گشتی کراوە، نە کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیش یەکلایی کراوەتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە کەمە نەتەوەکانی وەک تورکمان، ئاشوری، کلدانی، کەمە ئاییزاکانی وەک ئێزدی و سائیبە باوەڕیان بەو رێژەیە نیە کە بۆیان دیاری کراوەو بە نارەوای دادەنێن. بەو هۆیەوە شیمانەی دەست تێوەردانی هێزە چەکدارەکان، بەتایبەتیش میلیشیاکانی سەر بە حزبی دەعوەو ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی و سوپای مەهدی دەکرێ، ئەگەر ئەم کارەش بکرێ، ناکۆکی و ناتەبایی زیاتری لێ دەکەوێتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە هێزە کوردستانیەکان بۆ هەردوو پارێزگای نەینەواو دیالە لەهەوڵی پێکهێنانی لیستی برایەتین، واتە لەگەڵ دانیشتووانی ئەو پارێزگایانە هەوڵ دەدەن لیستێکی هاوبەش دروست بکەن، هەندێک لە چاودێران پێیانوایە کە بە زیانی کورد تەواو دەبێ، چونکە ئەو تورکمان و عەرەبانەی لەگەڵ لیستی برایەتیدا بەشداری دەکەن، لاوازو بێ پێگەن، بەڵام سەرەنجام لیستی برایەتی ناچار دەبێ کە کورستان پێبدات، بەوهۆیەشەوە لە پشکی خۆی کەم دەبێتەوە.

بەگوێرەی زانیاریەکان هەر لە ئێستاوە گلەیی و سکاڵاکردن لە پارێزگاکانی بەسرەو نەینەواو دیالە دەبینرێ، بەتایبەتیش ترسی دەست تێوەردانی هێزە چەکدارەکانی سەر بە لایەنە دەستەڵاتدارەکان چاو سوور دەکاتەوە.

حکومەتی عێراق هەوڵ دەدات لیژنەی ئاسایشی تایبەت بۆ پاراستنی بنکەو سەندوقەکانی دەنگدان پێکبهێنێ، بەڵام خەڵکی بە گشتی ترسیان لە پێشێلکاری هێزە چەکدارەکان هەیە، بەتایبەتیش کوردانی دانیشتووی پارێزگای موسڵ و دیالە پێیانوایە ئەمجارەیان لە رێژەی ئەوان کەم دەبێتەوە، هەم عەرەبی سوننە بە چڕی بەشداری دەنگدان دەکەن، هەمیش جێگیربوونی هێزی چەکداری عێڕاقی بە دژی بەرژەوەندی خۆیان دەبینن، کەواتە دەبێ هێزە کوردستانیەکان، واتە لیستەکانی برایەتی لە پارێزگاکانی نەینەواو دیالە چۆن رەفتار دەگەڵ پێشهاتەکاندا بکەن؟!

هەندێک لە چاودێران پێیانوایە کە وڵاتانی جیهان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان هەوڵ دەدەن نوێنەرانی خۆیان رەوانە بکەن و لە نزیکەوە چاودێری هەڵبژاردنەکان بکەن، بەڵام شیمانەی سەرکەوتنیان لێ ناکرێ، چونکە زۆربەی ئەو نوێنەرانە لە لایەن هێزە گەورەکانەوە میوانداریان لێدەکرێ و پاسەوانیان بۆ دابین دەکرێ، ئەمەش هاندەرێکی باش دەبێ تا چاوبەستەکیان لەگەڵدا بکەن و سەرچیغیان ببەن.

لەلایەکی دیکەوە حکومەتی عێراق بانگەشەی ئەوە دەکات کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر لە ٢٠ هەزار کارمەندی رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی راهێناوەو چاودێریکردنی سەندوقەکانیان پێ دەسپێرێ، بەڵام دیسانشەوە ناکرێ متمانە بە کارمەندانی مەشق پێکراو بکرێ، چونکە زۆربەی هەرە زۆریان ئەندامانی لایەنە دەستەڵاتدارەکانن یان دەتوانرێ بە ئاسانی کاریان لێبکرێ. تەنانەت ئەگەر تەواوی ئەوانەی چاودێری بنکەکانی دەنگدان دەکەن کەسانی رۆشنبیرو خاوەن بڕوانامەی بەرزیش بن، دیسانەوە جێگەی متمانەی خەڵک نابن، چونکە مامۆستای بێلایەن لە عێڕاقدا دەگمەنە، هەموویان بە تەزکیەو پشتیوانی لایەنێکی دەسترۆیشتوو دامەزراون یان لەسەر کارەکانیان ماونەتەوە.

وێرای هەموو ئەوانەشەوە هەڵبژاردن پرۆسەیەکی ئومێد بەخشەو چاوەڕوانی گۆڕینی لێ دەکرێ، ئەگەر هەزاران لەو کوردانەی کە فۆرمی خۆراکیان بۆ پارێزگای نەینەواو دیالە گواستۆتەوە رێگەیان پێبدرێ کە بەشداری لە دەنگداندا بکەن، لەوانەیە ئاکامی باشی لێبکەوێتەوە، دەبا ئێمەی کوردستانی چاوەڕوان بین و شێلگیرانە و یەکگرتووانە کاری بۆ بکەین. بەتایبەتی ئەگەر کورد بتوانێ چەند کورسییێکی پارێزگای بەغداد مسۆگەر بکات.

**رۆژی گەل**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com